# کێشەی نووسینی بزوێنی (î) لە زمانی کوردیدا

ئامادەکردنی: دیاکۆ هاشمی

## پێشەکی

یەکێک لەو کێشانەی کە لەسەر دەنگی درێژی (î) لە ئەلفبێی کوردی عەرەبیدا هەیە ئەوەیە کە پیتێکی تایبەتیمان بۆ ئەو دەنگە نییە. لە ئەلفبێی عەرەبیدا بۆ دەنگی (ی î) و (ی y) هەر یەک پیت بەکار چووە (ی). بەستە بەوەی کە لە وشەدا کامیان مەبەستتە دەنگەکە وا گۆ کراوە.
لە عەرەبیدا هەندێ جار بۆ دەنگی درێژ لە کۆتایی وشەدا دوو خاڵیان لە ژێر پیتی (ی) داناوە: (ي)، بەڵام ئەمە لە ناوەڕاستدا نابێت.
لە زمانی (فارسی) و (دەری)دا کە ئەو ئەلفبێیە بەکار دەهێنن هەر یەک پیتیان بەکار بردووە:
(پهلوی pehlewî)، (سیمان sîman)، (فارسی farsî)، (دری derî)

## ناوەڕۆک

کورد هەمیشە هەوڵی داوە کە بۆ دەنگی درێژی (î) پیتێکی تایبەتیی هەبێت، بۆ نموونە: (کۆڕی زانیاری کورد) لە بەغدا ئەو کێشەیەیان بە تەقەڵێک لەسەر پیتی (ی) چارەسەر کردبوو، نموونە:

سی̄روان، سی̄، کوردی̄

بەداخەوە ئەو شێوازە هەر لە چاپخانەکەی کۆڕی زانیاریی کورددا ڕەچاو کرا و بە نەمانی ئەوانیش ئەوە لە برەو کەوت.
هەندێ کەسی تر هاتن لە باتیی ئەو مەبەستە (یی î)یان لە کۆتایی وشەدا بەکار هێنا، وەک (زمانی کوردیی zimanî kurdî).
ئەمە لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕێپێدراو نییە کە بە دووپاتبوونەوەی یەک پیت بتوانی پیتێکی نوێ لە ئەلفبێدا چێ بکەی، هەروەها لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن ڕێپێدراو نییە بە دوای یەکتردا بنووسرێن. لەبەر ئەو هۆکارانە ئەگەر چاو لەمانە بکەین دەبینین کە لێکدانێکی بەهەڵەن
(تێبینی: ڕەنگە شینەکان نەبزوێنن و سوورەکان بزوێنن):

1. (ی y + ی y = یی yy)
هەڵەیە، چونکوو ناکرێت دوو نەبزوێن لە باتیی بزوێنی درێژی بەکار بهێنرێت.
2. (ی î + ی î = یی îî)
هەڵەیە، چونکوو ناکرێت دوو بزوێن بە دوای یەکتردا بنووسرێن.
3. (ی y + ی î = یی yî)
هەڵەیە چونکوو ناکرێت نەبزوێنێک و بزوێنێک لە باتیی بزوێنی درێژ بەکار بهێنرێت.
4. (ی î + ی y = یی îy)
هەڵەیە چونکوو ناکرێت بزوێنێک و نەبزوێنیێک لە باتیی بزوێنی درێژ بەکار بهێنرێت.
5. جگە لەوانە لە ڕووی شێوازەوە هەندێ قورس دێتە بەر چاو کە یەک دەنگ دوو پیتی گەورەی هەبێت: (زمانی کوردیی).
6. هەروەها لە ناوەڕاستیشدا ناشیرین دێتە بەر چاو: سییروان، چییمەن.

7. هەروەها لە رووی (ئایتی IT)ەوە، فەرمانگەی جیهانیی ئایتی بە هیچ شـــێوەیەک ڕێگە نادات دوو پیت بۆ یەک دەنگ بکرێتە پیتی ناو ئەلفبێ و یەک کۆدیان پێ بدات. چونکوو هەر کام لەوانە کۆدێکی تایبەت و جیاوازیان هەیە. هەڵبەت مرۆڤ خۆی ڕێپێدراوە لە وشـــەدا پیتێک چەند جار کە خۆی پێی خۆش بێت دووپاتی بکاتەوە، بەڵام ئەوان نایکەنە یەک پیتی ناو ئەلفبێ و یەک کۆدی پێ نادەن.
8. لە نموونەی (زمانی کوردیی zimanî kurdî) شـــتێکی ســـەیر هەیە و ئەویش ئەوەیە کە دەبینین ئەو دوو دەنگە تەنانەت لە ئەلفبێی لاتینیشدا لەو نموونەیەدا، هەر یەک پیتیان بۆ بەکار دەچێت (î) و لەوێش دوو پیتی جیاوازی نییە.

هەر لەبەر ئەو هۆکارانە زۆربەی زۆری پسپۆڕانی زمانی کوردی، چ ئەوانەی بە شێوەیەکی فەرمی لە ئەکادیمیای کوردیدا کار دەکەن، چ ئەوانەی بەدەر لە ئەکادیمیان و هیچ پێوەندییەکیان بەو دەزگایەوە نییە، لەم کێشانە تێ گەیشتوون و بڕیاریان داوە کە دەنگی بزوێنی درێژی (î) هەر بە یەک (ی) بنووســـن و ئەو ڕاســـتییە تاڵە قوبووڵ بکەن کە هیچ ئەلفبێیەکی ئەم دنیایە ناتوانێ هەموو کاتێ هەموو دەنگەکانی زمانێک دەرببڕێت.
هەروەها زۆربەی هەرە زۆری نووســـەران و چاپەمەنییە کوردییەکان نووســـینی دەنگی (î) بە (یی) بە قورس دەزانن و هەر کەڵک لە (ی) وەردەگرن.
تێبینی:
نابێت ئەم باســـە لەگەڵ بە دوای یەکتردا هاتنی دەنگی (یî) و پیتی پێوەندیی (ی) تێکەڵ بکەین، وەک:
(کوردیی سلێمانیم لا شیرینە. Kurdî y Silêmanîm la şîrîn e.)
لەوێدا "یی" نموونەی دوو دەنگی درێژ و کورتە. یەکەمیان دەنگی درێژی (î)یە و دووەمیان (y)ی پێوەندییە.

تێبینی:
کورد پێشـــتر دوو پیتی بۆ دەنگێک خســـتووەتە ناو ئەلفبێیەکەیەوە: (وو)، ئەویش بەپێی پێوەرە زمانەوانییەکان دروست نییە، بەڵام لەبەر کورتبوونی و لەبەر ئەوەی لە هەموو شوێنێکی وشەدا بەکار دەهێنرێت، جێ کەوتووە و دەکرێت وەک دۆخێکی ئاوارتە چاوی لێ بکرێت و نابێت لەوە زیاتر هەوڵ بدرێت بەو ڕێچکە هەڵەیەدا بڕۆین، تەنانەت ئەوڕۆکە زۆر زمانەوان هەن کە ڕایان وایە واز لە (وو)ش بهێنرێت و کورتی و درێژییەکەی لە ڕستەدا جیا بکەینەوە.
تەنانەت فەرمانگەی جیهانیی ئایتیش ئامادە نییە بۆ ئەو دوو پیتە کە دووپات بوونەتەوە لە ســـیســـتەمی کۆدەکانی (نووســـە character)کانیاندا یەک کۆدی بۆ دابین بکات. بەڵام مرۆڤ ســـەربەســـتە لە وشـــەدا پیتێک دووپات بکاتەوە و ئەوە پێوەندیی بە کۆددانانی بواری ئایتی و یونیکۆدەوە نییە.

## دەرەنجام

کێشـــەی دەنگی درێژی (î) بە چەند شـــێوەیەک مامەڵەی لەســـەر کراوە، چونکوو تا ئێســـتاکەش نیشـــانەیەکی تایبەتیی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەوڕۆکە ژمارەیەکی زۆر زۆر کەم ئەو دەنگە بە (یی) دەنووسن وەکوو: (زمانی کوردیی zimanî kurdî).

بەڵام زۆربەی هەرە زۆری زمانەوانان و پســـپۆڕانی زمان و ئەکادیمیای کوردی و قوتابخانەکان و چاپەمەنییەکان، ئەو شێوازە بە هەڵە و بە قورس دەزانن، بۆیە هەر بە تەنیا کەڵک لە (ی) وەردەگرن وەک: (زمانی کوردی zimanî kurî).